# کۆمەڵی ئیسلامی فتوای کوشتنی مەریوان دەردەکات

**شیرزاد فاتح**
Sherzad_f@yahoo.com




**هەرکەس ئەم فتوای تیرۆرو مۆرۆڤ کوشتنەی کۆمەڵی ئیسلامی ببیستێ کە لە دەمی زانا رۆستای ئەندامی سەرکردایەتی ئەو گروپەوە بە رۆژنامەی ئاسۆی ڕاگەیادووە، ئیتر بیر تەسکی و کەم حەوسەڵەیی هەموو ئیسلامیەکانی تەواو بۆ ئاشکرا ئەبێت ، یەکگرتوی ئیسلامیش لە رادیۆکەیانەوە ڕێگەی بەخەڵکی داروەستەی خۆیاندا کە دەیان جنێوو سوکایەتی بە مەریوان بکەن و ئامینی وت بە نەعلەتییەکانیان بۆ مەریوان کە ئەمانیش لە کۆمەڵی ئیسلامی کەمتریان بۆ مەریوان و هەر دەنگێکی تری ئازدای خوازی پێ نییە. ئەوەی کۆمەلی ئیسلامی دەیلێ هەر ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا ئاینەکان و بە تایبەتیش ئاینی ئیسلام وتویەتی و دەیلێ وە بەکردەوەش ئەمەیان سەلماندووە. ئەوەتا لەبەرامبەر نوسینی کتێبێکدا یان بلاو کردنەوەی چەند وێنەیەکی کاری کاتێری دا دەستیان داوەتە بلاو کردنەوەی فتوای کوشتنی ئیسانەکان و لەو جێگایانەی کە هەن خەریکی کاری تێکدەرانەو شێواندنی سیمای مەدەنی و شارستانێن، بەم کارانەیان ئەوان دەیسەلمێنن کە ئوسولێ و خەسڵەتی شارشتانی و دیموکراسی نازانن و ناتوانن پەیڕەوی لە هیچ جۆرە پرەنسیپێك و بنەمایەکی ماڤ مرۆڤ بکەن.**

**زۆر جار کە هێرش کراوەتە سەر کۆمەڵی ئیسلامی و توشی تەنگەبەری بوون ، دەست دەکەن بە باسی ماڤ مرۆڤ و خۆیان بە پارێزەری دیموکراسی لەقەڵەم دەدەن، کاتێکیش کە تورەکەیان کردە سەریان ، هاواریان لێبەرز بوویەوە کە ئەمان کاری تیرۆریستی و توند ڕەوی ناکەن.**

**ئێستا ئیتر ئەم فتوایەی کۆمەڵی ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایەو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵی ئیسلامی و ئەمیرەکەیان ، وە هەموو بزوتنەوە ئیسلامییەکان لەیەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوەو بەبێ کوشتن و بڕین و کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوە، ناتوانن بە زمانی عەقڵ و مەنتیق پەیامەکەیان بگەیەنن .**

**ئەم پەیامەی کۆمەڵی ئیسلامی لە کاتێکدایە کە لە هیچ جێگایەك بەڕەسمی دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییەو حکومڕانی هیچ ناوچەیەکی کردستاندا ناکەن. ئەوجا بێننە پێش چاو باپیرو کۆمەڵی ئیسلامی**

**خۆیان بڕیار دەرو جێبەجێکەر بن دەبێ چ گۆماوی خوێن هەستێت. ئەمانە بەوەشەوە ناوەستن و داوی بەشداری لە دەسەلات و حکومڕانی عێراقدا دەکەن.**

**ئەوەی پێویستە کە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە دەبێت ئەم فتوای مرۆڤ کوشتنەی کۆمەڵی ئیسلامی بە تەواوی رێکخراوە مرۆییەکان و وولآتانی دنیا ڕابگەیەندرێت وە پەردە لەسەر ڕووی راستەقینەیان هەڵپدرێتەوە، دەبێ کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان و ئەوکەسانەی کە بەهەر جۆرێك بێت بە ناوی ئاین و موسڵمانییەوە روویان لەمانە کردووە ، بانگهێشت و فتوای تیرۆرو مرۆڤ کوشتنی کۆمەڵی ئیسلامییان بۆ ئاشکرا بێت و ئەم تاوانە لە ئەستۆی خۆیان نەگرن.**

**ئەوەی ماوە بڵێم ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وە خودی کەسایەتی سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تالەبانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی ، بەرپرسیارن لەوەی کە کۆمەڵی ئیسلامی لەپەنا دەستی ئەوانەوە فتوای مرۆڤ کوشتن و تیرۆر کردنی مەریوان هەلەبجەیی ڕادەگەیەنن. کە ئەم فتوایە ڕووی لە هەموو ئازادی خواوانەو ئێستا ئەمرۆ ناوی مەریوان لە ناوانە، ئەگەر لە کوردستان شتێك هەیە بە ناوی یاسا کە پارێزگاری لە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بکات و ژیانی مرۆڤەکان بپارێزێت ، وە ئەگەر ئەو یاسایە کۆمەڵی ئیسلامی بە دادگا نەداو سزای تەخشان و پەخشانی فتوای کوشتنی ئینسان وەرنەگرێتەوە و کارو هەڵسوڕانیان قەدەغە نەکات ، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی تاوانی لەو جۆرە ڕاستەوخۆ بەرپرسن و ناتوانن هیچ پاساوێکیش بۆ ئەمە بهێنەوە.**

**ریسوای بۆ سیاسەتی نامرۆڤانەی بانگهێشتی تیرۆرو ئیرهاب**

14-02/2006

**دەقی ئەم هەواڵە لە pukmedia دا بخوێنەرەوە.**

## کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی و کاریکاتێریستێکی دانیمارکی دەدات

ئاسۆ: کۆمەڵی ئیسلامی بەمەرج فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبی" سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا" و کاریکاتێریستێکی دانیمارکی دەدات. زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە رۆژنامەی ئاسۆی راگەیاند: کە کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی داوە "ئەگەر حکومەت بەپێی شەرع سزای نەدات، یان ئەگەر مەریوان پەشیمان نەبێتەوە لە نوسینەکەی دەبێت بکوژرێ".

وتیشی: فەتوای کوشتن ئەو کاریکاتێریستە دانیمارکییەش دەگرێتەوە کە سوکایەتی بەپێغەمبەری موسڵمانان محەمەد (د.خ) کردووە.